شانۆنامەی

# کرێکار[1,2]

نووسەر:

## واڵتەر وایکس

وەرگێڕان بۆ زمانی فارسی:


## نیما کۆشیار

وەرگێڕان لە لە فارسییەوە:

## ڕەحمان عەزیزی



[1] The Worker (٢٠٠٧)
[2] ئەم شانۆنامەیە بە « فەرمانبەر »یش وەرگێردراوە.


کتاب پروسه/نمایش نامه ۱/
کارگر
والتر وایکس
نیما کوشیار

واڵتەر وایکس، لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ لەدایکبووە، شانۆنامەنووس و ئەکتەری ئەمریکییە. لە زانکۆی نیویۆرک لە لاس ڤێگاس بڕوانامەی ماستەری لە هونەرە جوانەکان تەواو کردووە و لە زیاتر لە ٣٠ نمایشدا لە سەرانسەری ئەمریکا و جیهان نمایشی کردووە. ٤ جار خەڵاتی فێستیڤاڵی شانۆی کۆلێژی ئەمریکی بۆ شانۆگەرییەکانی بەدەستهێناوە.

وایکس بە دروستکردنی کارەکتەری ئاڵۆز و فەزای تاریک ناسراوە. زۆربەی بەرهەمە دراماتیکەکانی ناوەڕۆکێکی بێمانا و سوریالیان هەیە بە شێوەیەک کە کەشێکی دراماتیک یان کابوساوی دەرەخسێنن کە هەندێک جار ڕەنگدانەوەی بێمانای ئەو جیهانەیە کە تێیدا دەژین.

هەندێک لە بەرهەمەکانی تری بریتین لە:

- The Father Clock (١٩٩٧)
- The Profession (١٩٩٧)
- The Salmon Tribunal (١٩٩٧)
- Borrowed Parts (١٩٩٨)
- Fading Joy (٢٠٠٠)
- Family ٢,٠ (٢٠٠٧)
- The Spotted Man (٢٠٠٧)
- The Unwanted (٢٠٠٨)
- Beer Girl (٢٠٠٩)
- Tainted Love (٢٠١٠)
- The Secret Origin of Mojo Man (٢٠١١)
- Certificate of Death( ٢٠١٢)

## کەسایتییەکان:

ژن

پیاو

بریکار

## شوێن:

(شوقەیەکی نامۆ. هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەم شوقەیە و شوقەکانی تردا لە هیچ شوێنێکی تردا نییە. ژنێکی گەنج کە بە هەمان شێوە نامۆیە، لەسەر کورسییەکی لەرزین دانیشتوە و بە ئارامی منداڵێکی لە باوەش گرتووە. لە بیرکردنەوەکانی خۆیدا ون بووە،بە دەنگی ڕێگا ڕۆیشتنی کەسێک لە دەرەوەی شوقەکە وە خۆی دەبێتەوە.)

(چاوەکانی هێواش هێواش دەکرێنەوە و بە خێرایی لە کورسییەکە هەڵدەستێت. بە دوودڵییەوە سەیری دەوروبەری دەکات و منداڵەکە لەناو کەرەستەی مێزەکەدا دەشارێتەوە و لە شوێنی ڕووداوەکە ون دەبێت.)

(کەمێک دواتر گەنجێک بە بڕێکی زۆر فۆڵدەر و کاغەزەوە دێتە ژوورەوە. بە وریاییەوە شتەکان لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دادەنێت. دواتر دەچێتە دەرەوە و بە پاکێجی ترەوە دەگەڕێتەوە. دیسان دەچێتە دەرەوە و ئەمجارەیان جانتایەکی دەستی وکۆمپیوتەرێک دەخاتە ناوەڕاستی ژوورەکەوە. ئەمە دووبارە دەکاتەوە تا لە کۆتاییدا کۆمەڵێک شت لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دروست دەبێت.

ئامێری فاکت، دوو پرینتەر، پارچە پارچەکردنی کاغەز، ئامێری بانکی و ئۆفیس، مێزێکی تەواو یان تەنانەت ژوورێکی تەواو بە هەموو پارچەکانی و گۆزەی گوڵ و تانکی ماسی. لە کۆتاییدا دەرگاکە لە پشتەوە دادەخات.)

**پیاو: من لە ماڵێم.**

**(پیاوەکە کراواتەکەی شل دەکاتەوە و چاوەڕێی وەڵام دەکات، بەڵام هیچ وەڵامێک نایەت، گومان دەکات)**

**پیاو: من... من لە ماڵێم**

**(هێشتا وەڵام نەدراوەتەوە. سەری سوڕماوە و سەری دەخڕێنیت)**

**پیاو: سڵاو؟!!!**

**ژن: لێرەم! ( لە دەرەوەی شانۆوە دەنگی دێت)**

**پیاو: وتم من...**

**ژن: لە مەتبەخ!**

**(ژنەکە لەکاتێکدا پێشبرکێ و دەستکێشی فڕنی لەبەردایە دەێتە ژوورەکەوە. وەک ئەرکێک مێردەکەی ماچ دەکات و دەچێتەوە چێشتخانە)**

**پیاو: واو! (ژنەکە کارەکەی ڕادەگرێت) تۆ چی دەکەیت؟**

**ژن: خەریکی ئامادەکردنی ژەمی ئێوارەم.**

**پیاو: ژەمی ئێوارە... ژەمی ئێوارە ئامادە نییە؟ (وەستان) تێناگەم.هەرکاتێک پێم دەنا ،ژەمی ئێوارە هەمیشە ئامادە بوو ... (وەستان)ئایا زووتر هاتومە تەوە ماڵەوە؟**

**(سەیری کاتژمێرەکەی دەکات)**

**ژن: نەخێر لە کاتی خۆیدا هاتویەتەوە.**

**پیاو: کارەساتێکی سروشتی روویداوە؟ بومەلەرزە بووە؟ ئایا شتێک هەیە کە ناتەوێت پێم بڵێیت؟ ئێش وئازارت هەیە؟**

**ژن: نەخێر من تەنها... (ئاماژە بە ئەو کۆمەڵە ئامێرە دەکات کە لە ناوەڕاستی ژووری میوانەکەدایە) ئەمە چییە؟**

**پیاو: ئاها... ئەوان هیچ نین، کۆمەڵێک کەل وپەلی، شوێنی کارێن.**

**ژن: نا؟ ئەمە بە فەرمی هەموویەتی. (وەک ئەوەی لەناکاو درکی پێبکات) خودایە! لە کارت دەرکراوی؟!**

**پیاو: نەخێر!**

**ژن: نەخێر؟**

**کابرا: نەخێر، وەهاش نییە.**

**ژن: سوپاس بۆ خوا! (بێدەنگی) تێناگەم... دەرنەکرای... بەڵام هەموو شتەکانی شوێنی کارەکەت لێرە لە ژووری میوان فڕێ دەراوەن.**

**پیاو: هەموویان کەنا... لە شوێنی کارەکەشم ماوەن. تەنها زنجیرەیەک فایل و مێزەکەم و زنجیرەیەک شتی تر.**

**ژن: (نازانێ چی بکات) دەتەوێت بیانشۆم؟**

**پیاو: نەخێر من... (بێدەنگی) باشە سەیرکە... نەمدەویست پێت بڵێم، کەوتمە دواوە.**

**ژن: مەبەستت چییە؟**

**پیاو: لە شوێنی کار. کەوتمە دواوە... ناتوانم بەردەوام بم**

**ژن: بۆ ناتوانی؟ زۆربەی ئەو کاتانی کە بەخەبەری لەوێ بەسەر دەبەیت**

**پیاو: باشە... ئێستا ئەوان... ئاە!... ئیزنیان بەهەندێکیان دا کە بڕۆن**

**ژن: ئەمە کە زۆر خراپە!! چۆن دەتوانن بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا بکەن؟ ئەوان**

**دەرکن! زۆر دڕندانە! ئەوانە هیچ هەستێکی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی هەیە؟**

**پیاو: باشە ئەوان بەو مانای ئاسایی و فەرمی لە کار دوورنەخراونەتەوە..**

**ژن: باشە، ئەی پەت؟**

**پیاو: با بڵێین هان دران بچنە شوێنێکی تر.**

**ژن: دی ئەمە هەمان شت نییە؟**

**(وچان)**

**پیاو: بەڕاستی نەدەبوو لەم بابتەوە هیچم بڵێم.**

**ژن: زۆر باشە!**

**پیاو: بەهەر حاڵ مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەمجارە کەسانێکی کەمتر لە ڕۆژدا بڕێک کاری دیاریکراو دەکات. وایان لێکردم بە پێ خۆم لە بەشی ژمێریاری بێمە دەرەوە!**

**ژن: پلەت بەرزکرایەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی؟!**

**پیاو: نەخێر من تەنها... کەس نییە ئەوێ بەڕێوەی ببات! هەموو شتێک دەکەم! هەموو بەشەکان!**

**ئافرەت: هەموو بەشەکان؟!!! خۆت؟!!!**

**پیاو: تەنها ئەوە نییە. چاوەڕوانی منن وەڵامی تەلەفۆنەکان بدەمەوە چونکە هیچ سکرتێرێک لەوێ کار ناکات. دەبێت کۆمپیوتەر چاک بکەم چونکە وەستاکار نیە، من خۆم مامەڵە لەگەڵ سکاڵای کڕیار بکەم چونکە بەشی "خزمەتگوزاری کڕیار" نییە! من لە ژووری پۆست و کافتریا و حەمام و بەشی توێژینەوە و پەرەپێدانیشم! هەفتەی ڕابردوو سەرچاوە مرۆییەکان هەموو بەشەکەی ناردنەوە و نامەیەکم پێگەیشت کە دەبێت خۆم بە هەموو ڕێنماییەکانی فیدراڵی و ویلایەت ئاشنا بم. بێگومان ئێستا من بەخۆم تایپ دەکەم چونکە سکرتێری نییە، سبەی بڕیارە مامەڵە لەگەڵ ناکۆکی فەرمانبەران بکەم و ئاگاداری جیاوازیەکان بم! نازانم چی دەکەم! من دەمەوێت پرسیارێک لە بەشی یاسایی بکەم، بەڵام هەرگیز یاسام نەخوێندووە، نازانم چ وەڵامێک بەخۆم بدەمەوە ! جگە لە هەموو ئەمانە، سەگەکەی بەڕێوەبەری گشتی چوار جار بە ماوەیەکی ڕێکوپێک بردە دەرەوە تا خۆی خالی کات! کێشەی گەدەی هەیە و ڕێکخستنی دووبارەی زۆر دژوارە.**

**ژن: باشە ئەبێ پێیان بڵێی ئەمە کارێکی یەکجار زۆرە.**

**پیاو: ناتوانم.**

**ژن: بۆ ناتوانی؟ لەوانەیە هەندێک لەو کەسە بەدبەختانە بێننەوە سەر کار.**

**پیاو: تۆ تێناگەیت. بۆ ئەمە زۆر درەنگە بووە.**

**ژن: بۆ درەنگ بووە؟**

**(وچان)**

**پیاو: سەیرکە... هیچ شتێکی وا نییە تۆ خەمت لێ بێت. باشترە هیچ نەڵێم، دەبەیت لە ماڵەوە هەندێک کار بکەم ئەگەر بمەوێت بەردەوام بم. ئەوە هەموویەتی وتەواوو.**

**ژن: لە ماڵەوە کار بکەیت؟**

**پیاو: (بە ڕەزامەندی سەری دەجوڵێنێت )**

**ژن: بەڵام... ئەمە کاتی ئێمەیە! ئەگەر لە ماڵەوە کار بکەیت بە هیچ شێوەیەک ناتبینم! ئێمە کاتێکی ترمان نییە بۆ...**

**پیاو: هیچ بژاردەیەکی ترم نییە.**

**(وچان)**

ئافرەت: زۆر باشە. باشە. (وەستان) دەڕوم باقی ژەمی ئێوارەکە ئامادە بکەم.

(ژنەکە دەڕوات. پیاوەکە ئاهێک دەکێشێت و چاوەکانی دەسڕێت. بە دەوری ژوورەکەدا دەڕوانێت. قەنەفەکە لە سەر ڕێگاکە لادەبات و دەست دەکات بە ڕیزکردنی فایلەکانی. کۆمەڵێک کاغەز هەڵدەگرێت و هەوڵدەدات شوێنێکیان بۆ بدۆزێتەوە .کشۆکە دەکاتەوە و کاتێک منداڵەکە لە کشۆکە دەکێشێتە دەرەوە دەموچاوی لە ڕەق و توڕەییدا ڕەش دەبێتەوە.)

پیاو: ئەمە چییە؟

ژن: (لە دەرەوەی شانۆ) چییە؟

پیاو: ئەمە! ئەمە چیە؟!

(ژنەکە دەێتە ژوورەوە و دەبینێت پیاوەکە "منداڵەکەی" بە دەستەوە گرتووە)

پیاو: چەند جار دەبێت پێت بڵێم؟

ژن: تۆ نەتگوت کە...

پیاو: نابێت هیچ منداڵێک لەم ماڵەدا بێت!

ژن: ئەمە نییە...

پیاو: هیچ باسێک لە منداڵ نەبێت! نابێت هیچ نیشانەیەک لە منداڵ نەبێت!نە بووکەڵە، نە تابلۆ، نە بوکەڵەی پەنجە!

ژن: بەڵام ئەمە تەنها...

کابرا: بۆ من گرینگ نیە! ونی کە!

(بوکەڵە دەداتە ژنەکە)

ژن: چی؟

کابرا: گوێت لە قسەکانم بوو؟

ژن: تۆ... تۆ دەوێت من...

پیاو: لەناوی ببە! بیسووتێنە! پارچە پارچەی بکە! لە کۆڵانێک،شەقامێک، لە شوێنێک بەجێی بهێڵە! من گرنگی پێ نادام! بەڵام نابێت لێرە بمێنێتەوە! ڕێگە نادەم! نابێت لەم ماڵەدا بێت!

(ژن سەیری پیاوەکە دەکات و بە بووکەڵەکەوە دەچێتە دەرەوە. دوای ساتێك بە بووکەڵەکەوە کە لە ژێر جلەکەیدا دەگەڕێتەوە، لەوانەیە بالیفێك یان بەتانییەکی بەکارهێنابێت بۆ شاردنەوەی بووکەکەکە. لە ژنی دووگیان دەچێت، دوای ماوەیەك، پیاوەکە هەست بە بوونی ئەو دەکات، بەڵام سەیری ناکات.)

پیاو: تکایە هەوڵبدە تێبگەیت. مەبەستم ئەوە نییە دڕندە بم. ئەمە بۆ خۆت باشە. تەنها دەمەوێت ئاگام لێت بێت.

ژن: ئاگات لێم بیت؟

پیاو: بەڵێ.

ژن: لە چی؟

(وچان)

پیاو: تۆ... تێناگەیت...

ژن: تۆ پێت وایە من دایکێکی باش نیم! ئەوە هەموویەتی و تەواوو! تۆ پێت وایە من ئامادە نیم! بەڵام چی دەزانیت؟ تۆ هەرگیز ئەم دەرفەتەت پێ نەدام!

پیاو: نەخێر وا نییە... (بۆ یەکەمجار سەیری سکی ژنەکە دەکات) ئەمە چییە؟

ژن: بە ڕای تۆ لە چی دەچێت ؟

پیاو: پێت وایە چی دەکەیت؟ بیدە بە من

ژن: نەخێر!

پیاو: عەقڵت لەدەست داوە؟

ژن: دەمەوێت ئەم منداڵە بهێڵمەوە. ناهێڵم ئازاری بدەی. ئەگەر تاڵە قژێکی لێ کەم بێتەوە هەرگیز لێت خۆش نابم!

پیاو: مەبەستت ئەوە نییە.

ژن: هەرگیز!

پیاو: گوێم لێ بگرە... ئەمە منداڵ نییە.

ژن: من گرنگیی پێنادام! بۆ منە! ئەوە هی منە! ئەوە هەموو شتێکە کە هەمە!

پیاو: ئەمە تەنها ئۆبژەیەکە. هیچ هەستێکی نییە.

ژن: بەڵێ! هەستی هەیە! زیاتر لە تۆ!

پیاو: بەسە.

ژن: پێت وایە کاتێک لە ماڵەوە بە تەنیام قسە لەگەڵ کێ دەکەم؟! پێت وایە کێ گوێم لێ دەگرێت و ناهێڵێت شێت بم؟! پێت وایە خەونەکانم لەگەڵ کێدا بەش دەکەم؟!ئەوە تۆ نیت!! تۆ هەرگیز لێرە نیت! پێت وایە کێ پەنجەم دەگرێت و ئارامم دەکاتەوە کاتێک تەلەفۆن دەکەیت ودەڵێت ناتوانیت جارێ ناتوانی بێیتەوە بۆ نانخواردن؟! ئەو لە من و تۆ ڕاستەقینەترە!

پیاو: نامەوێت مشتومڕت لەگەڵ بکەم.

ژن: لێم دوور بکەوە!

(پیاوەکە دەستی دەگرێت و دەستەکەی تری دەخاتە ژێر چلی ژنەکە)

ژن: یارمەتیم بدەن! یارمەتیم بدەن! هاوار کەسێک... (ژنەکە شەڕ دەکات، بەڵام پیاوەکە بووکەڵەکە دەردەنێت) بیدەرەوە بە من!

پیاو: نەخێر!

(پیاوەکە پاڵتۆکەی هەڵدەگرێت و دەچێتە بەردەم دەرگاکە. ژنەکە هەوڵدەدات ڕێگری لێبکات)

ژن: چی لە مناڵەکە دەکەیت؟! دەتەوێت چی لێ بکەیت؟!

پیاو:لێم گەڕێ با بڕۆم.

ژن: (بەردەم دەرگاکە وەستاوە) نەخێر! ڕێگەت پێ نادەم بڕۆیت!

پیاو: لەسەر ڕێگام لا چوو.

ژن: تکات لێ دەکەم! ئەم کارە مەکەن! مەیکە...

(پیاوەکە لەبەردەم دەرگاکە ژنەکە دەکێشێتە لایەکەوە، کاتێک ژنەکە دەزانێت، ناتوانێت بیوەستێنێت،

لەسەر زەوی بڵاو دەبێتەوە. و دەست دەکات بە گریان)

پیاو: چاوەڕێ دەکەم کە دێمەوە ژەمی ئێوارە ئامادە بێت.

(ئافرەتەکە لەناو گریاندا دەست دەکات بە پێکەنین. سەرەتا بە نەرمی پێدەکەنێت، بەڵام دەنگەی

پێکەنینەکەی زیاتر دەبێت و بەسەر گریاندا زاڵ دەبێت)

پیاو: چی ئەوەندە پێکەنیناوییە؟

**ژن:** **بەڕاستی چاوەڕێی ئەوە دەکەیت لەمەودوا خواردنت بۆ دروست بکەم؟**

**پیاو:** **بێگومان بەڵێ!**

**ژن:** **ئەگەر من چێشتت بۆ بنێم تەنها بۆ ژەهراوی کردنت و کۆتایی هێنان بە نەهامەتیەکانتە!**

**پیاو:** **ئێستا ئەمە دەڵێی. ئێستا دڵتەنگیت؟ تێدەگەم، بەڵام کاتێک لێم خۆش دەبیت، لەوانەیە تێبگەیت کە من ڕاستم کردووە.وە ئەگەر نا، باشە... من بۆ خۆم خواردن دروست دەکەم. پێش ئەوەی تۆ ببینم خۆ برسی نەبووم.**

**ژن:** **کاری تریش هەیە کە نامەوێت بیکەم.**

**پیاو:** **چی؟**

**ژن:** **باقی ئەو کارانەی کە بۆ تۆم کرد... لە تاریکیدا... ئەو شتە نهێنییانەی... ئەو شوێنانەی کە چوومە... ئەو شتانەی کە کردم... ئەو وشانەی کە وتم... ئەو شتە تایبەتانە ڕێگەم دا... چی دەبێت ئەگەر... لەبیرم بچێت؟**

**پیاو:** **تۆ جدیت؟بەڕاستە؟!!!**

**(ژنەکە بوێرانە قۆڵی پیاوەکە دەگرێت)**

**پیاو:** **دەتوانی بیهێڵیتەوە.**

**ژن:** **مەبەستت...؟! بەڕاستی؟!**

**پیاو:** **بە یەک مەرج.**

**ژن:** **( بووکەڵە لە دەستی پیاوەکە دەبات و بە نەرمی وەک لانکە دەیهەژێنێت) هەرچییەک بێت! هەرچییەک!**

**پیاو:** **نابێت کەس بوکەڵە ببینێت. هیچ کەسێک. هەتا منیش لێرەدا نابێت بیدۆزمەوە. ئەگەر بیدۆزمەوە لەناوی دەبەم.**

**ژن:** **بەڵام... (وەستان) تۆنابێت...**

**پیاو:** **من نابێت چی بکەم؟**

**ژن:** **نابێت هەندێک... باشە، نابێت هەندێک بەرپرسیارێتی هاوبەش هەبێت، مەبەستم ئەوەیە کە نابێت بە تەنیا پەروەردەی بکەم.**

**پیاو:** **دەتەوێت بەرپرسیارێتیم پێ بدەیت؟**

ژن: بەڵێ

پیاو: بۆ ئەم...

ژن: ئەم منداڵە. منداڵەکەمان

پیاو: باشە. ئەگەر هەڵسوکەوتی خراپ بکات سزای دەدەم.

ژن: نەخێر. نابێت ئەوەندە توند وتووڕە بیت.

پیاو: چیت لێم دەوێت؟

ژن: پێویستە بتوانیت بخەویت. ئەگەر لە نیوەی شەودا لە خەو هەڵسا، لە باوەشی بگرە و بە نەرمی دەست بە پشتی دابێنە.

کابرا: باشترە لە خەو هەڵنەستیت! دەبێت بەیانی بچمە سەر کار!

ژن: ناتوانیت چاوەڕێی ئەوە بکەیت منداڵێک بە درێژایی شەو بخەوێت. وە ئەگەر ماندوو بوویت دەتوانیت ڕۆژێک پشوو بدەیت ئاخر مۆڵەت نەخۆشیت هەیە.

پیاو: هەرگیز مۆڵەتی نەخۆشی وەرناگرم.

ژن: پێشتریش بوو. کارکردن تاکە ئەرکی تۆ بوو. ئێستا منداڵێک هەیە کە دەبێت بیری لێ بکەیتەوە.

پیاو: تۆ بینیت! بەم شێوەیە دەست پێدەکات!

ژن: چی بەم شێوەیە دەست پێدەکات؟

کابرا: هۆکارێ ئەوە بوو کە نەمهێشت ئەم منداڵەت هەبێت.

ژن: هۆکارەکەشی ئەوەیە کە تۆ خۆپەرستیت و تەنها بیر لە خۆت دەکەیتەوە!

پیاو: نەخێر! چونکە بەم زووانە چاوەڕێی ئەوە دەکەیت من مۆڵەتی نەخۆشی وەربگرم و دایبی بکرم و زوو بێم بۆ سەیرکردنی شانۆگەرییەکانی قوتابخانە. لە ناوەڕاستی کارەکانمدا دەست دەکەیت بە تەلەفۆن و بانگ کردنم بۆ ئەوەی پێم بڵێیت دەستی کردووە بە ڕۆیشتن یان دەستی کردووە بە قسەکردن یان فێری خۆشۆردن بووە! دەنگۆی ئەوە هەیە کە من پابەند نیم بە کارەکەمەوە، ئێوەش باشتر دەزانن کە وەک باقی کارەکانم کۆتایی دێت!

ژن: کامیانی تر؟ ئەوانەی لە کارەکانیان دوورخرانەوە؟

پیاو: بەڵێ! نەخێر! پێم وتیت کە لە کارەکانیان دوور ناخرێنەوە!

ژن: کەواتە ئەی پێت؟ [دەوەستان] چی؟

پیاو: [لە هەناسەیدا وەک چرپە] ئەوان کوژران.

ژن: چی؟

پیاو: ئەوان کوژران!

ژن: کوژران؟

پیاو: بەڵێ! کوژران!

ژن: کێ کوشتنی؟

پیاو: کۆمپانیاکە خۆی! بیر لە چی دەکەیتەوە؟

ژن: بەڵام... ئەگەر کۆمپانیاکە لە کارەکانیان ڕازی نەبوو، بۆ تەنها ڕێگەی نەدان  بڕۆن؟

پیاو: نازانم. چاوەڕێ مەکەن لە ڕەفتاری کۆمپانیاکە تێبگەم. کۆمپانیای زۆر گەورە. ئەو بەو شێوەیە بیر ناکاتەوە کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە. ڕەنگە نەیویستبێت ئەو نهێنییە بازرگانیانە بدەن بە کۆمپانیاکانی تر. ڕەنگە نەیویستبێت پارەی بێکارەکان بدات. ڕەنگە تەنها ویستبێتی خۆی لە کاغەزەکان بەدوور بگرێت.

ژن: بەڵام... ناتوانن بەم شێوەیە ڕزگاریان بێت! باشترە بە بەرپرسان بڵێین!

پیاو: بێدەنگ بە! ئارامتر! لەوانەیە کەسێک بیبیستێت! لەوانەیە دەسەڵاتداران نەیانەوێت دەستوەردان لەم دۆسیەیەدا بکەن. ئەگەر ڕاستگۆ بین ئەمانە باشترین کارمەند نین. مەبەستم ئەوەیە کە ئەوان مافی ئەوەیان هەبوو بە جۆرێک سزا بدرێن. نەک مردن، دەزانی، بەڵام ئەوان بەرگەی قورسایی خۆشیان نەدەگرت و هەموو ئەمانەش بوونە هووکار، سەرەتا ئاهەنگێکیان ساز کرد و دواتر...

ژن: ئاهەنگێک؟

پیاو: بەڵێ.

ژن: پێش ئەوان... کەمێک سەیرە. ئاهەنگێک بۆ کەسێک ساز بکەی و دواتر...

پیاو: ئەمە ڕێگەیەک بوو بۆ کۆمپانیاکە بۆ ئەوەی سوپاسیان بکات بۆ بەشدارییە بچووکەکەیان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا. هەریەکەیان کێکێکیان هەبوو؛ وە مۆمەکانی سەر کێکەکان بە ژمارەی ساڵەکانی خزمەتکردنیانە، ئەمە بەڕاستی سەرنجڕاکێشان. هەندێکیان دەگریان.

ژن: بەڵام

پیاو: نەدەبوو هیچ کام لەمانەت پێ بڵێم، بەڵام دەمەوێت لە دۆخی من تێبگەیت. نابێت گومان لە دڵسۆزی من بۆ کۆمپانیاکە بکەن. نابێت بۆ ساتێکیش ئەم بیرکردنەوە بوەستێنن.

(ئافرەتەکە بە ڕەزامەندی سەری دەجوڵێنێت) باشە خۆشحاڵم کە تێگەیشتووی. ئەگەر ئەوەندە بە توندی مامەڵەت لەگەڵ دەکەم، لەبەر ئەوەیە کە دەرئەنجامەکانی دەزانم. ئێستا دەتوانی لەوە تێبگەیت کە ئەم ڕەفتارانە بەهۆی خۆبەزلزانین و خۆپەرستییەوە نەبووە. بیرم لە هەردووکمان دەکردەوە... بۆ هەردووکمان؛ بۆ خێزانەکەمان.نابێت چیتر باسی ئەم بابەتە بکەین. هەرگیز. بەڕاستی ئەمن نییە بۆ کەس. ئایا قبوڵتە؟ [وەستان] بەڵێنم پێ بدە.

ژن: پێم وایە... ئەو خەڵکە بێدەسەڵاتانە... یەکێکیان باشترە...

پیاو: بەڵێنم پێ بدە.

]وچان[

ژن: باشە. بەڵێن دەدەم.

پیاو: کچی باش. [ئافرەتەکە ماچ دەکات] باشترە بیر لە خۆمان بکەینەوە، هیچی تر نییە کە بتوانین بیکەین. ڕاستەقینە نییە. ئێمە بە باشترین شێوە بەشداری کارەکانمان دەکەین و هەوڵ دەدەین دڵخۆش بین و....دڵخۆش بە

(لە دەرگا لێدەدرێت)

پیاو: کێیە؟

ژن: نازانم.

پیاو: کەسێکت بۆ نانخواردن بانگهێشت کردوە ؟

ژن: نەخێر. [پیاوەکە سەیری چاوی دەرگاکە دەکات] [کێ یە؟

پیاو: نازانم. هیچ شتێک نابینم.

ژن: با سەیر بکەم.

(پیاوەکە دەڕوات. ژنەکە لە چاوێکەوە سەیری دەکات)

پیاو: دەتوانی هیچ ببینی؟

ژن: نەخێر. [کەسێک جارێکی تر لە درگا دەدات]وەڵام بدەینەوە یان نا؟

پیاو: نازانم

ژن: لەوانەیە بڕۆن.

پیاو: ئەی ئەگەر شتێکی گرنگ بێت؟

ژن: وەک چی؟

پیاو: نازانم.

(وەستان. جارێکی تر دەرگاکە دەنگ دەداتەوە. ئەمیان دەنگێکی بەرزترە. کابرا دەرگاکە دەکاتەوە. بریکارێک لە پشت دەرگاکە وەستاوە و فۆڵدەرێکی بە دەستەوەیە.)

پیاو: سڵاو؟

بریکار: پەیامێکم هەیە بۆ کارمەندی وردبینی ژمارە "ە" وردبینیکەر "ب" وردبینی نۆ سفر هەشت پێنج شەش شەش یەک سێ سێ سێ.

پیاو: من خۆمم.

بریکار: [لە فۆڵدەرەوە دەست بە خوێندنەوە دەکات] کۆمپانیاکە ئاگادارتان دەکاتەوە کە ڕۆژی دووشەممە ئاهەنگێک بۆ ڕێزلێنانتان ساز دەکرێت.

پیاو: ئا... ئاهەنگێک؟

بریکار: [هێشتا خوێندنەوە دەکات] کێکەکە دەبێت کاتژمێر هەشتی بەیانی پێشکەش دەکرێت.

پیاو: دەبێ هەبێ... دەبێ هەڵەیەک هەبووبێت.

بریکار: وەک هەمیشە ڕێگە بە دواکەوتن نادرێت.

پیاو: تێناگەیت!

بریکار: حەزت لە چ جۆرە کێکێکە؟

پیاو: من کارمەندێکی نموونەییم.

بریکار: شوکولاتە؟ ڤانێلا؟ یان...

کابرا: تەنانەت بۆ یەک ڕۆژیش مۆڵەتی پزیشکیم وەرنەگرتووە! تەنانەت ڕۆژێکیش!

بریکار: شوکولاتە؟

پیاو: لە چەند بەشێک بە تەنیا کار دەکەم! هەموو ڕێنماییەکانی بەشی سەرچاوە مرۆییەکانم هێشتۆتەوە! هەموو شتێک! دەتوانم هەموو شتێکت پێ بڵێم! ووشە بە ووشە! دەتوانم هەموو شتێکت پێ بڵێم! من کارمەندێکی بەسوودم! لەهەرکەسێک دەتەوێت لێی بپرسە! من... من... لەمەودوا بە خۆڕایی کار دەکەم! تەنانەت غەرامەش دەدەم...

بریکار: شوکولاتکە...ڤانێلا یان شووتی؟! [وەستان] سەیرکە، من تەنها کاری خۆم دەکەم. دەبێت بیر لە خۆم بکەمەوە. خۆت ئەمە دەزانیت. ئەمە بابەتی شەخسی نییە. ] وەستان [ شوکولاتە، ڤانێلا یان...؟

پیاو: گرنگ نییە.

بریکار: دەبێت هەڵیبژێریت!

پیاو: من گرنگی  پێ نادەم.

بریکار: کەواتە شوکولاتە. [بریکارکە لەسەر یەکێک لە لاپەڕەکانی فۆڵدەرەکە تێبینی دەکات] چەند ساڵ خزمەتت کردووە؟

پیاو: چی؟

بریکار: چەند ساڵە لە کۆمپانیاکە کارت کردووە؟  بۆ هەر ساڵێک موو...

پیاو: من... بیرم نییە... نزیکە...

بریکار: کێشە نییە. دەتوانم پێداچوونەوە بە دۆسیەکەت بکەم تەنها لێرە واژۆ بکە.

(پیاوەکە بە دوودڵی واژۆ دەکات. بریکارەکە دەڕوات. بێدەنگی)

پیاو: تێناگەم. [وەستان] هەرچی داوایان لێکردم، کردم. هەموو یاساکانم جێبەجێ کرد. هەرگیز بێ نۆرە قسەم نەدەکرد. هەفتەی جارێک دۆناتسم دەکڕی. چۆن دەتوانن گومان بکەن... [وەستان] ڕاوەستە بزانم... تۆ... هیچت نەوتوە؟... وتوتە؟

ژن: چی بڵێم؟

پیاو: دەربارەی منداڵەکە! ئەم بووکە شووشەیە!

ژن: نەخێر. من....

پیاو: بیربکەرەوە؟!

ژن: من... من...

[لەناکاو درک بە شتێک دەکات، ترساوە، دەمی دادەپۆشێت].

پیاو: بۆ کێ؟! بە کێ وت؟!

ژن: ڕۆژێک لە سەوزەفرۆشەیەکە، من... لەگەڵ ئەو ژنە چووم، دەزانی، لە هەمان کۆمپانیای پیکنیکەوە... ئەو کەسەی کە سوتانی لەبەر ناکات... جگەرە دەکێشێت و قژی ڕاستە. ..

**پیاو: خوایە گیان! ڕقی لە منە! چۆن توانیت...**

**ژن: وتم تەنها بۆ ئەوەی حەسودیت پێ ببات!**

**پیاو: لەوانەیە بەم شتە سەرم بفیرۆو بڕوات! ئەمەیە کە ئەو ژنە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە دەیویست! داوای کارەکەی منی کرد! وەک نەهەنگێک سەیری دەکردم... چاوەڕێی خلیسکانمی دەکرد! دەبێ پێی وتبێ.**

**]وچان[**

**ژن: چی بکەین؟**

**پیاو: هیچ.**

**ژن: بەڵام...**

**پیاو: هیچمان پێ ناکریت. ئەوە کۆتای هات**

**ژن: ڕەنگە... ڕەنگە بتوانی پێان بڵێی هەڵەیە؟ پێیان بڵێ درۆیان کردووە! بڵێ هەموو شتێکی لە خۆی دەرهێناوە! لە ئیرەیی!**

**پیاو: ڕاستیەکان دەدۆزنەوە.**

**ژن: ئینکاری دەکەم! بە هیچ شێوەیەک هیچم نەوت! هیچ بەڵگەیەکی نییە!**

**(وچان. پیاوەکە بە وریایەوە)**

**پیاو: دەبێت هەموو بەڵگەکان لەناوببەین.**

**ژن: مەبەستت چییە؟ چ بەڵگەیەک؟ [پیاوەکە سەیری بووکەڵەکە دەکات، ژنەکە بووکەڵەکە دەخاتە سەر سنگی وەک ئەوەی بیپارێزێت] نەخێر. تکات لێ دەکەم.**

**پیاو: ئەمە تاکە ڕێگایە.**

**ژن: نازانی چیت لێم دەوێت.**

**پیاو: دەزانم ئەو منداڵە بۆ تۆ چی دەگەیەنێت. بەڵام یائەو یان من؟ بەڕاستی هیچ ڕێگەیەکی ترمان نییە. [وەستان] ئایا هەیە؟**

**[وەستان] بە دڵنیاییەوە تۆ ئەو لە من پێت باشتر نییە.**

**(بێدەنگی)**

ژن: ناوی... ناوی ئیمایە.

پیاو: دەیانەوێت بمکوژن.

]وچان[

ژن: ڕۆژێک قاچەکانی دۆزیەوە. خۆزگە ئەمەتان دەبینی.

پیاو: تێ دەگەی چیت پێ دەڵێم؟

ژن: دەتوانێ دەنگی ئاژەڵەکانیش دروست بکات. دەنگی شێر، سەگ، مەیموون، کۆتر.

پیاو: من دەمرم. هەوڵ دەدەن سەرم بخەنە ژێر ئاوەوە.

ژن: ئەم بەیانییە لە پشیلەکەی داوە و پێم وت باش نییە و پێویستە داوای لێبوردن بکات. سەری پشیلەکەی نازی کرد و وتی "ببورە میۆ" پاشان چارەسەری پشیلەکەی کرد و وتی "ئەمەش لە میۆ". زۆر شیرین بوو.

پیاو: ئەو منداڵە ناتوانێت ئەم کارانە بکات.

ژن: زۆر پێشکەوتووە.

پیاو: باسی چی دەکەم؟ تەنانەت منداڵیش نییە... بووکەڵەیە!

ژن: دەتوانێت تا دە بژمێرێت.

پیاو: ناتوانێت.

ژن: دەتوانێت. هەندێک جار لەسەر "حەوت" گیر دەبێت چونکە لەوانی تر سەختترە.

کابرا: تۆ خۆت ئەمانە دادەنێیت.

ژن: نەخێر.

کابرا: باشە پێی بڵێ ئەمانە بکە! ئێستا! پەلە بکە!

ژن: ئێستا هەستی پێ ناکات.

پیاو: ئەو لە مەزاجدا نییە!

ژن: ئەو مەیموونێکی ڕاهێنراو نییە. تۆ خۆت ئەم دەزانیت.

]وچان[

**پیاو: تۆ... ڕێگەم دەدەیت بمرم؟**

**]وچان[**

**ژن، ڕەنگە بە هەڵە تێگەیشتبیت. ڕەنگە بەڕاستی بۆ ئاهەنگێک بانگهێشت کرابێتی . تەنها ئاهەنگێک. لەوانەیە بیانەوێت سوپاست بکەن بۆ هەموو کاتە زیادەکانت [وەستان] ڕەنگە ئێستا پێویستە کارەکەت تەواو بکەیت. بە تەنیا جێت دەهێڵین دڵنیام ناتەوێت سەرقاڵ بیت. [وەستان] من و ئیما تەوقە لەگەڵ تۆ دەکەین، کە شتێکمان لەگەڵ کردبێتی**

**[ڕووی لە بووکەڵەکە دەکات ] ئایا ئیما وانییە؟ بە باوکت بڵێ "بای بای" ] وەستان[ بای بای باوکە.**

**] ژنەکە دەڕوات. پیاوەکە بەبێ جوڵە لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە.**

# کۆتایی

سەرنج

ڕوونکردنەوە:

ئەم شانۆگەرییە لەلایەن چەند وەرگێڕێکەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی فارسی.

لە هەموو گرنگترین ئەم وەرگێڕانانەی کە بەکارم هێناوە

وەرگێڕانی" نیما کۆشیار" بەناوی « کرێکار»

وەرگێڕانی خاتوو ڕۆیا پارکی- خاتوومەریم پارکی بەناوی «فەرمانبەر»